گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(١)، زستان ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

# بەبازاڕکردنی بەرهەمی میدیایی لە تۆڕە کۆمەڵایەتیەکاندا

**خالد طلعت محمد**
بەشی ڕاگەیاندن، کۆلێژی ئاداب، زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر، هەرێمی کوردستان، عێراق
khalid.mohammed@su.edu.krd

## زانیاریەکانی توێژینەوە

**بەرواری توێژینەوە:**
وەرگرتن: ٢٠٢١/٩/٢
پەسەندکردن: ٢٠٢١/١٠/١٩
بڵاوکردنەوە: زستان ٢٠٢٢

***Keywords*:**
*Marketing, social networks, traditional media, media production, media stations.*

Doi:
10.25212/lfu.qzj.7.1.3

## پوختە

ئەم توێژینەوەیە هەوڵێکە بۆ دەستنیشانکردنی کاریگەری بەبازاڕکردنی بەرهەمی میدیایی لە تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان لەسەر بەکارهێنەران، توێژینەوەیە توێژینەوەیەکی وەسفیە توێژەر میتۆدی ڕوپێوی بەکارهێناوە بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی توێژینەوەکە، ئەم توێژینەوەیە بۆ بواری میدیا گرنگی خۆی هەیە دامەزراوەکانی ڕاگەیاندن دەتوانن پشت بە ئەنجامەکانی ئەم توێژینەوەیە ببەستن بۆ مامەڵەکردنیان لەگەڵ سۆشیاڵ میدیا و دروستکردنی کاریگەری لەسەر ڕای گشتی و زیاتر بڵاوبوونەوەی بەرهەمەکانیان لەنێو بازاری میدیادا. ئامانجی سەرەکی ئەم توێژینەوەیە بریتیە لە زانینی کاریگەری بەبازاڕکردنی ئەلیکترۆنی بۆ بەرهەمی میدیایی لە تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان و چۆنیەتی زیادکردنی ڕێژەی بینەر و خوێنەر و گوێگر بۆ بەرهەمە میدیاییەکان. بەپێی گرنگترین دەرئەنجامەکانی کە ئەم توێژینەوەیە: بەکارهێنەرانی تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان ڕۆژ لەدوای ڕۆژ لەزیادبووندایە، بەهۆی باشتربوونی ژێرخانی ئینتەرنێت لە کوردستان، بەپێی بۆچونی سامپڵەکانی توێژینەوە (فەیسبووك) لە پلەی یەکەم دێت لە ڕووی بەکارهێنانەوە، هەروەها (یوتیوب) لە پلەی دووەم دێت و (ڤایبەر) لە پلەی سێیەم و (ئینستگرام) لە پلەی چوارەم و (تویتەر)یش لە پلەی کۆتایی، کە کەمترین بەکارهێنەری هەیە لە کوردستان. تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبووك باشترین شوێنە بۆ ئەوەی دامەزراوەکانی ڕاگەیاندن بەبازاڕکردنی تێدا بکەن

بۆ بەرهەمەکانیان، هۆکاری ئەمەش پێدەچێت بەهۆی ئاسان بەکارهێنانی بێت، هەرچی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنن زیاتر فەیسبووك و یوتیوب بەکاردەهێنن، بەپێی ئەم توێژینەوەیە بەکارهێنەرانی تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان بە پلەی یەکەم ئەو تۆڕانە بۆ مەبەستی ئاگاداربوونیان لە هەواڵ و زانیاریەکان بەکاردەهێنن و بەپلەی دووەمیش وەك ئامرازێکی پەیوەندیکردن تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان بەکاردەهێنن، هەروەها لە کوردستان تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان کەمتر بۆ مەبەستی کڕین و فرۆشتن و بەبازاڕکردن بەکاردەهێندرێت.
کلیلە ووشەکان: بەبازاڕکردن، تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان، میدیای کلاسیکی، بەرهەمهێنانی میدیایی، دامەزراوەکانی ڕاگەیاندن.

## پێشەکی

لەسەردەمی شۆڕشی تەکنەلۆژیا و میدیای نوێ، تۆڕە کۆمەلایەتیەکان دەرکەوتن، لەم سەردەمەدا لە هەموو ڕوویەکەوە میدیا لە گەشەکردنی خێرا و بەردەوامدایە، لە پاش ئەم قۆناغەی میدیا بایەخ بە ئابوری میدیا دەدرێت، بۆیە گرنگیدان بە چۆنیەتی بەرهەمهێنان و بەبازاڕکردنی و گەیاندنی بەرهەمە میدیاییەکان بە جەماوەر لە ڕێگەی ئامرازە جۆراوجۆرەکانی میدیا بە تایبەت تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان گرنگی خۆی هەیە و پێویستی بە توێژینەوەی زانستی هەیە.

لەسەردەمی تۆڕە کۆمەڵایەتیەکاندا ڕۆڵی میدیا فۆڕمێکی جیاوازی وەرگرتووە، وەرگری میدیای کلاسیکی کەمبۆتەوە و میدیا بۆتە دوو ئاڕاستە، لەلایەکی ترەوە ئابووری میدیا و ڕێکلام لەگەشەسەندندایە، میدیا بووە بە پیشەسازی، بەرهەمی میدیایی وەك کاڵا و شمەك مامەڵەی لەگەڵ دا دەکرێت، ئەمەش میدیا ناچار دەکات بە دوای بەرهەم و ناوەڕۆکی باش دا بگەڕێت تا زۆرترین وەرگر لەدەوری خۆی کۆبکاتەوە، چونکە هەروەك چۆن ئامانجی پیشەسازی بەدەستهێنانی کڕیار و قازانجی زیاترە بەهەمان شێوەش ئامانجی میدیا بەدەستهێنانی وەرگر و دروستکردنی ڕای زۆرینە و زۆرترین کاریگەریە لەسەر ئاستی کۆمەڵگاکان.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(١)، زستان ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ئەم توێژینەوەیە لە سێ بەش پێکهاتووە بەشی یەکەم تایبەتە بە لایەنی میتۆدی و چوارچێوەی توێژینەوە، کە کێشەی توێژینەوە و ئامانجی تویژینەوە و گرنگی توێژینەوە و پرسیارەکانی توێژینەوە و کۆمەڵگا و سامپلی توێژینەوە و جۆری ڕێبازی توێژینەوە وکەرەستەکانی توێژینەوە و بوارەکانی توێژینەوە لەخۆدەگرێت. بەشی دووەم تایبەتە بە لایەنی تیۆری توێژینەوە کە باس لە بابەتەکانی بنەما زانستیەکانی بەبازاڕکردن، چەمکی بەرهەمێنانی میدیایی و پیشەسازی میدیا دەکات، فۆڕمەکانی تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان و تایبەتمەندی و چەمك و پێناسەکردنیان و چۆنیەتی بەکارخستنیان لەبواری پێشخستنی میدیا و بەبازاڕکردن دەکات، بەشی سێیەم تایبەتە بە ڕێککارە مەیدانییەکانی توێژینەوە، کە پێکهاتووە لە خستنەڕوو و شیکردنەوەی زانیاریەکان و دواتر ئەنجامەکانی توێژینەوە و پێشنیار و ڕاسپاردەکان خراوەتەڕوو.

## باسی یەکەم: ڕێبازنامەی توێژینەوە

### کێشەی توێژینەوە

تۆڕە کۆمەڵایەتیەکانەوە رۆڵی تەلەفزیۆن و ڕادیۆ و ڕۆژنامەکانیان کەمکردۆتەوە لەگەڵ ئەوەدا بەرهەمی میدیایی بۆتە کاڵا و دەبێت بە بازاڕکردنی بۆ بکرێت تا کاریگەری لەسەر ڕای گشتی دروست بکات، هەرچەندە بەکارهێنانی تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان لە بەبازاڕکردندا نوێیە و لەم ساڵانەی دواییدا دەرکەوتووە، تا چەند ساڵێك پێش ئێستا میدیای کلاسیکی دانی بەوەدا نەدەنا کە میدیای کۆمەڵایەتی بەم شێوەی ئێستا کاریگەری هەبێت و شوێنی میدیای کلاسیکی بگرێتەوە.

ناڕوونیەك هەیە لەسەر ئەوەی کە تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان تاچەند بونەتە شوێنی بەبازاڕکردن بۆ بەرهەمی میدیایی و تاچەند توانیویانە ڕێژەی بینەر و بیسەر و خوێنەر بۆ میدیای کلاسیکی زیاد بکەن، بۆیە ئەنجامدانی توێژینەوە و ئاوڕدانەوە لە پێوستە بۆ تێگەیشتن لە پەیوەندی نێوان تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان و میدیای کلاسیکی و بەبازاڕکردندنی بەرهەمەکانی میدیا بە گشتی، ئەم توێژینەوەیە لەوە دەکۆڵێتەوە.

### گرنگی توێژینەوە

گرنگی ئەم توێژینەوەیە لەم خاڵانەی خوارەوە خۆی دەبینێتەوە:

1. ئەم توێژینەوەیە لە ڕووی پراکتیکیەوە بۆ بواری میدیا گرنگی خۆی هەیە دامەزراوەکانی ڕاگەیاندن دەتوانن پشت بە ئەنجامەکانی ئەم توێژینەوەیە ببەستن.
2. ئەم توێژینەوەیە بۆ بواری بەبازاڕکردنی بەرهەمی میدیای وەك بەرهەمێکی جیاواز گرنگە.
3. توێژینەوە لە ڕێگەی وەرگرتنی سامپڵ کاریگەری نێوان گۆڕاوەکانی توێژینەوە دیاریدەکات.

## پرسیارەکانی توێژینەوە

بوونی پرسیار لە هەر توێژینەوەیەکی زانستی لایەنێکی گرنگە واتا پرسیارێك هەیە و پێویستی بە وەڵامدانەوە هەیە، بۆیە ئەم توێژینەوەیە بەدوای وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارانەی خوارەوە دەگەڕێت:

1. تا چەند تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان ڕۆڵیان هەیە لە ناساندنی بەرهەمی دامەزراوەکانی میدیای کلاسیکی؟
2 کاریگەری بەبازاڕکردن بۆ بەرهەمی میدیایی لەسەر بەکارهێنەرانی تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان چەندە؟
3. تا چەند بەرهەمی میدیایی پێویستی بە بەبازاڕکردن هەیە؟
4. ڕێکارەکانی زیادکردنی بەکارهێنەر بۆ بەرهەمەکانی میدیای کلاسیکی چین؟
5. کامە جۆر و سەکۆی تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان زیاتر بەکارهێنەری هەیە تا بەبازاڕکردنی تێدا بکرێت؟
6. بەکارهێنەری میدیای کلاسیکی زیاترە یان میدیای کۆمەڵایەتی؟

## ئامانجەکانی توێژینەوە

ئامانجەکانی ئەم توێژینەوەیە بریتین لە:

1. دەرخستنی ئاستی پێویستی ناساندن و بەبازاڕکردن بۆ بەرهەمی میدیایی لە تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان.
2. دەرخستنی ڕێکارەکان و چۆنیەتی زیادکردنی ڕێژەی بینەر بۆ بەرهەمە میدیاییەکان .
3. ناساندنی شێوازەکانی بەبازاڕکردنی بەرهەمی میدیایی لە تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان.
4. دەستنیشانکردنی ئەو جۆرە تۆڕە کۆمەڵایەتیەی کە زیاتر بەکار دێت بۆ پرۆسەی بەبازاڕکردنی بەرهەمی میدیایی لە لایەن دەزگاکانی ڕاگەیاندنەوە.
5. دەرخستنی ڕۆڵی تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان لە بڵاوبوونەوەی بەرهەمەکانی میدیای کلاسیکی.

کۆمەڵگا و سامپڵی توێژینەوە

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(١)، زستان ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

کۆمەڵگەی ئەم توەێژینەوەیە بریتیە لە سەرجەم بەکارهێنەرانی تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان، واتا هەر بەکارهێنەرێك کە لە تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان بەکارهێنەری بەرهەمی میدیایی بێت توێژینەوەکە دەیگرێتەوە، سامپڵی ئەم توێژینەوەیەش (295) بەکارهێنەری تۆڕە کۆمەڵایەتیەکانە لە هەر چوار پارێزگای هەرێمی کوردستان کە بەشێوەی هەڕەمەکی سادە فۆڕمەکانی دابەشکراوە، چونکە تەنیا مەرج بۆ وەرگتنی سامپڵی توێژینەوە بەکارهێنەری سۆشیاڵ میدیا بووە و چینێکی دیاریکراون.

## دیاریکردنی چەمکەکان

1. بەرهەمی میدیایی ( الانتاج الاعلامي): هەموو ناوەڕۆکێکی میدیایی رۆژنامەوانی نوسراو (چاپکراو)، بیستراو (ڕادیۆیی) بینراو (تەلەفزیۆنی) کە لە چوارچێوەیەکی هونەری میدیایی بەرهەم هاتبێت دەچێتە چوارچێوەی بەرهەمی میدیایی.
2. تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان: مەبەست لەم چەمکە وێبسایتە کۆمەڵایەتیەکانی وەك فەیسبووك، توێتەر، یوتیوب، ئیستاگرام و هتد... کە لەم سەردەمەدا مرۆڤ دەتوانێت بەکاریان بهێنێت بۆ پەیوەندیکردن و نمایشکردنی دید و بۆچوون و قسەکردن لەسەر بابەتە جیاوازەکان.
3. میدیای کلاسیکی: میدیای کلاسیکی ئەو جۆرە میدیایەیە کە لەسەرەتای دەرکەوتنی میدیا دەستیان بەکارکردن کرد وەك رۆژنامە و گۆڤار و تەلەفزیۆن و رادیۆ.
4. بەبازارکردن: بریتیە لە پرۆسەیەی کە لەلایەن خاوەن بەرهەمەکان بۆ زیادکردنی فرۆش و ناساندنی بەرهەمەکانیان ئەنجامدەدرێت.
5. دامەزراوەکانی راگەیاندن: ئەو دامەزراوانەن کە کۆمەلێك رۆژنامەنووس و ڕاگەیاندنکار و تەکنیك کاری شارەزا لە میدیا تێیدا کاری بە کۆمەڵ دەکەن، بەرهەمی میدیایی دەخەنە بەردەستی بەکارهێنەرانیان.

## توێژینەوەکانی پێشوو

توێژینەوەی یەکەم: توێژینەوەی (پەروا عمر محمود) و (هەردەوان محمود کاکەشێخ) بە ناونیشانی (ڕۆڵی ئامرازەکانی میدیای نوێ لە بازاڕسازی بۆ کاڵا و خزمەتگوزاریەکان).

ئامانجی ئەم توێژینەوەیە دەستنیشانکردنی ڕۆلی ئامرازەکانی میدیای نوێە لە بازاڕسازید بۆ کاڵا و خزمەتگوزاریەکان لە ڕێی سامپڵێك لە کارمەندانی بازارسازی کۆمپانیاکانی بواری بازاڕسازی بۆ کالا و خزمەتگوزاریەکان، توێنەوەکە ئاماژە بە شێوزای بازاڕسازی و تەکنیکە بەکارهاتووەکانی بواری بازاڕسازی ئەلیکترۆنی دەدات و هەروەها زۆرترین ئامرازی بەکارهاتوو لە بواری بازاڕسازیدا لە هەرێمی کوردستان دەستنیشان دەکات. ئەم توێژینەوەیە توێژینەوەیەکی وەسفیە و توێژەرانی ئەم توێژینەوەیە میتۆدی ڕوپێویان بەکارهێناوە.

دەرئەنجامەکانی ئەم توێژینەوەیە بریتین لە:

1. فەیسبووك لە پلەی یەکەمدا دێت لە پرۆسەی بازاڕسازی بۆ کاڵا و خزمەتگوزاریەکان.
2. ژمارەی بەکارهێنەرانی فەیسبووك لە هەموو تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان زیاتر .
3. تۆڕی کۆمەلایەتی یوتیوب کەمترین بەکارهێنەری هەیە لە پرۆسەی بازاڕسازیدا.
4. لە ئەپلیکەیشن چاتەکانیش ئەپی ڤایبەر زۆرترین بەکارهێنەری هەیە.
5. ئەپی تیلیگرام لەئەپڵیکەیشن چاتەکان کەمترین بەکارهێنەری هەیە لە پرۆسەی بازاڕسازییدا.

توێژینەوەی دووەم: توێژینەوەی (نەوشیروان فرج احمد) بە ناونیشانی (ڕۆڵی تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان لە بازاڕگەری بۆ زیادکردنی فرۆشی کۆمپانیاکانی پەیوەندیکردن)، ئامانجی ئەم توێژینەوەیە بۆ دەرخستنی ئاستی پشتبەستن و تێگەیشتنی کۆمپانیاکانی (ئاسیا سێل) و (کۆڕەك تلیکۆم) لە ڕۆلی تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان لە بواری بازاڕسازیدا، بە مەبەستی زیادکردنی فرۆشی ئەو کۆمپانیایانە.

گرنگترین دەرئەنجامەکانی ئەم توێژینەوەیە:

1. لەچەندین لایەوە کۆمپانیاکانی (ئاسیا سێل) و (کۆڕەك تلیکۆم) پشتیان بە تۆڕە کۆمەلایەتیەکان بۆ بازاڕگەری بەستووە.
2. تۆڕە کۆمەلایەتیەکان ڕۆلی گەورەیان هەبووە لە زیادکردنی فرۆشی کۆمپانیاکانی (ئاسیا سێل) و (کۆڕەك تلیکۆم).
3. تۆڕی کۆمەلایەتی فەیسبووك بە پلەی یەکەم دێت و تیلیگرامیش لە پلەی دوای لەبارەی بەکارهێنانیان لە پرۆسەی بەبازاڕکردندا.
4. فەیسبووك لە پلەی یەکەمدێت وەك گونجاوترین ئامراز بۆ بەکارهێنانی لەبواری بازاڕگەریدا.

توێژینەوەی سێیەم: توێژینەوەی (أحمد عبدالستار حسين) بەناونیشانی (الأعلام الرقمي ودوره في تسويق النتاجات الفنية، دراسة ميدانية) ئامانجی سەرەکی ئەم توێژینەوەیە ئەوەیە کە بەرهەمی هونەریش وەك سەرجەم بەرهەمەکانی دیکە دەبێت بەبازاڕکردنی پێشوەختەی بۆ بکرێت و بناسێندرێن بە کڕیار و بەرهەمە هونەریەکانیش وەك سەرجەم کاڵاکانی دیکە بفرۆشرێت و نرخی بۆ دیاری بکرێت.

## گفتوگۆکردنی توێژینەوەکانی پێشوو

ئەم سێ توێژینەوەیەی کە لێرەدا باسمان کردووە سەرجەمیان باس لە رۆڵی تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان دەکەن بۆ ناساندنی بەرهەم و خزمەتگوزاریەکان، لە ئەنجامی توێژینەوەکەی (احمد عبدالستار حسێن) دەرکەوتووە کە میدیای دیجیتاڵی رۆڵێکی گەورەی هەیە لە ناساندن و فرۆشتنی بەرهەمە هونەریەکان، لە توێژینەوەی توێژینەوەکەی (نەوشێروان فەرەج احمد)یشدا دەردەکەوێت کە تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان رۆڵی گەورەیان هەیە لە زیادکردنی فرۆشی کۆمپانیاکانی (کۆرەك) و (ئاسیاسێل).
هەرسێ توێژینەوەکە میتۆدی روپێویان بەکارهێناوە چونکە باشترین رێگایە بۆ دیراسەی جمهور و گەیشتن بە ئامانجەکانی توێژینەوە، بۆ ئەم توێژینەوەیەش توێژەر میتۆدی روپێوی بەکارهێناوە بەڵام کۆمەڵگەی توێژینەوەکەی ئێمە لەگەڵ ت،ێژینەوەکانی پێشوو جیاوازە و ئەمە ئەنجامی جیاوازتری بەدەستهێناوە.

## باسی دووەم: تیۆرینامەی توێژینەوە

### 2-1- بەرهەمهێنانی میدیایی و بەبازاڕکردن لە تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان

### 2-1-1- بەبازاڕکردنی دیجیتاڵی

بەبازاڕکردن دەکرێت وا پێناسە بکرێت کە بریتیە لە دۆزینەوە و دابینکردنی پیداویستیەکانی مرۆڤ لە ناو کۆمەڵگایەك دا بە مەرجێك کە خودی لایەنی دابینکاریش قازانجێکی دارایی بکات، دەکرێت بڵێین بەبازاڕکردن بریتەیە لە (دابینکردنی پێداویستیەکان بە قازانجەوە) لە بنەڕەتدا ئەم پێناسەیە بۆ بەبازاڕکردنی کاڵا و خزمەتگوزاریەکان و لە چوارچێوەی ئاڵوگۆڕێکی بازارگانیەوە کراوە کە تێدا کڕیار

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(١)، زستان ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

پێویستی بە کاڵایەك یان خزمەتگوزاریەك هەیە و فرۆشیاریش لە بەرامبەر بەهایەك پێداویستیەکانی بۆ دابین دەکات (رسول 2018).

لە ساڵی 1985 کۆمەڵەی ئەمریکی بەم شێوەیە پێناسەی بەبازاڕکردنی کردەوە کە "پلاندانانی پێشوەختەیە، پرۆسەی دانانی نرخ و دابەشکردن و ناساندنی براندەکان و خزمەتگوزاریەکانە. دواتر کۆمەڵەی ئەمریکی لە ساڵی 2003 پێناسەیەکی نوێی بۆ بەبازاڕکردن دارشتەوە بەوەی کە بەبازاڕکردن بریتیە لە پرۆسەی پلاندانان و جێبەجێکردن وبەرووپێشبردن و بڵاوکردنەوە و دابەشکردنی کاڵا و خزمەتگوزاریەکان بۆ دروستکردنی ئاڵوگۆڕ و دابینکردنی پێداویستی تاك و دامەزراوەکان. (نوال 2016-2017، 9)

بە بازاڕکردنی ئەلیکترۆنی لە میدیای نوێ، بەشێکە لە چالاکیەکانی بەبازاڕکردن بەڵام بە بەکارهێنانی ئامرازەکانی تەکەنەلۆجیا و ئینتەرنێت، لە رێگەی وێب سایت و پێگە کۆمەڵایەتیەکان بە بەکارهێنەر و کڕیارەکان نیشان دەدرێت و بەشێکیشی هەر لە رێگەی ئینتەرنێتەوە دەفرۆشرێت، یان ئەگەر بەشێوەیەکی دیکە پێناسە بکرێت، بەبازاڕکردنی دیجیتاڵی ئەوەیە کە، ئینتەرنێت و وێبسایتەکان بەکاردێن بۆ بواری فرۆشتن و نیشاندانی بەرهەمە جۆراوجۆەکان وەك ئاسانکاری بۆ کڕیار و فرۆشیار. (النجا 2012، 208)

## 2-1-2- تایبەتمەندیەکانی بەبازاڕکردن لە تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان

میدیای نوێ بە گشتی و تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان بە تایبەتی بوونەتە دەروازەیەکی گەورە و کرنگ بۆ کۆمپانیا و خاوەن بەرهەمەکان تا بە ئاسانی و بەشێوەیەکی کەم تێچوو باشترین رێکلام و بەبازاڕکردن بۆ خۆیان بکەن، تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان کۆمەڵگایەکی گریمانەیی گەورەیە و بەپێی ئامارێکی رێکخراوی گەیاندنی نێودەولەتی (.الاتحاد الدولي للاتصالات ITU) سەربە نەتەوە یەکگرتوەکان تا سەرەتای ساڵی 2020 ژمارەی بەکارهێنەرانی ئینتەرنێت لەسەر ئاستی جیهان گەیشتە چوار ملیار و 100 ملیۆن بەکارهێنەر. بۆیە تۆڕە کۆمەلایەتیەکان رۆلێکی گەورە دەبینن بۆ ئاسانکاری و بەیەکگەیاندنی بازاڕ و کڕیار، تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان ئامرازێکی کاریگەرن بۆ بواری بەبازاڕکردنی خزمەتگوزاریەکان و بەرهەمەکان کە دامەزراوەکان پێشکەشی کۆمەڵگاکانی دەکەن. (عرب 2020)

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(١)، زستان ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

### 2-1-3- بەکارهێنانی تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان لەبواری ڕێکلام و بەبازاڕکردن

کۆمەڵێك تایبەتمەندی هەن بۆ بەبازاڕکردن لە ڕێگەی تۆڕە کۆمەڵایەتیەکانەوە کە دەکرێت ئامانجی زیاتر بۆ بەبازاڕکردن و ڕێکلام بەدەست بهێنێت تایبەتمەندیەکان بریتین لە: (علواني 2018)

1- ئاسان بەکارهێنانی تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان: سروشتی تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان بە شێوەیەکە کە هەموو بەکارهێنەرێك دەتوانێت تێدا بەبازاڕکردن بکات.

2- لە تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان ئاسانە تاك دەربڕین لە خۆدی خۆی بکات.

3- سۆشیاڵ میدیا ڕێکار و ڕێگای نوێی هێناوەتە ناو جیهانی بازرگانی و بەبازاڕکردن.

4- تێچووی بەبازاڕکردن و ڕێکلام لە تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان کەمترە.

5- تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان سنوری جوگرافی لەبەردەم نییە.

6- بەکارهێنانی تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان بۆ بواری بازاڕگەری ئاسانترە.

7. کارلێکی نێوان نێنەر و وەرگر لە تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان زۆر بەهێزە.

6- تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان بەخۆڕاییە تەنها بەکارهێنەر نرخی ئینتەرنێت دەدات.

لەبەر ئەم تایبەتمەندیانەی تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان ڕۆژ لەدوای ڕۆژ بەکارهێنەرانیان لە زیادبوون دایە و بۆتە شوێنی بازرگانی و بەبازاڕکردن بۆ هەموو جۆرە بەرهەمێك.

### 2-1-4- بەبازاڕکردنی بەرهەمی میدیایی

هەموو بەرهەمێك کە ڕەگەزەکانی بەرهەمهێنانی لێ هاتەدی دەکرێت وەك هەر کەرەستەیەك بەبازاڕکردنی بۆ بکرێت: (عبدالرحمن 2013، 132)

1- بازاڕسازی بۆ بەرهەمی میدیایی: بەبازاڕکردن بریتیە لە برەودان بە مەبەستی فرۆشتن و قازانجکردن لە بەرهەمی میدیایی تەلەفزیۆنی، ڕادیۆیی یان چاپەمەنی، فرۆشی بەرهەمی میدیایی زیاتر لە بواری تەلەفزیۆنی و ڤیدیۆ دەکرێت بەڵام لە وڵاتانی ڕۆژئاوا سەرەڕای پێشکەوتنی تەکنۆلۆژیا ڕۆژنامە و گۆڤاریش دەفرۆشرێت و دامەزراوەکان قازانجی زۆر دەکەن، لە بواری تەلەفزیۆنیش فرۆشتنی (بەرنامە، کاری درامی و سینەمایی) تا ئێستاش لە لوتکە دایە، لە دوای قۆناغی تەواوبوونی بەرهەم و جێبەجێکردن قۆناغی فرۆشتن و دابەشکردن دەستپێدەکات یان ڕاستەوخۆ لە بازاڕ

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(١)، زستان ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

بەرهەمەکان دەفرۆشرێت بە دانەی (دیجیتاڵ،CD یان کاسیت) ئەمەش بە مەبەستی بەدەستهێنانەوەی کاری خەرجی بەرنامە یان بۆ کاری قازانجکردن.

2- پرۆسەی دابەشکردنی بەرهەمی میدیایی: دابەشکردن بریتیە لە پرۆسەی فرۆشتنی کار لە زۆرترین لایەنەوە، بۆ بەدەستهێنانی ڕێژەیەك لە قازانج بەرامبەر هەستان بە ئەرکی دابەشکردن بۆ کارێك. سەرچاوەی تەمویل لە دامەزراوەکانی میدیایی حکومی بە زۆری دەکەوێتە سەر دەوڵەت و دەستکەوتنی ڕێکلام وفرۆشتنی بەرنامە و مادەکانی تر، بەڵام تەمویل لە دامەزراوەی میدیای ئەهلی و کەرتی تایبەت زیاتر پشت بە فرۆشتنی بەرهەم و ڕێکلام دەبەستێت. بۆیە پێویستە ئەو کەسانەی لە بواری میدیا کاردەکەن شارەزاییان لە کاروباری بەرهەمهێنان و کارکردنی تیمەکان و چۆنیەتی بازارسازی و ڕێگاکانی دابەشکردن هەبێت.

### 2-1-5- پێناسەی چەمکی بەرهەمێنانی میدیایی

بەرهەمهێنان لە ڕوانگەی چەمکی ئابوریەوە واتا پالپشتیکردنی بەرهەمهێنانی کارێگەر، واتا لە ئەستۆگرتنی خەرجیەکان لە میانەی قۆناغەکانی بەرهەمهێنانی میدیایی: "هەموو ناوەڕۆکێکی میدیایی ڕۆژنامەوانی نوسراو (چاپکراو)، بیستراو (ڕادیۆیی) بینراو (تەلەفزیۆنی) کە لە چوارچێوەیەکی هونەری میدیایی بەرهەم هاتبێت و گونجاو بێت بۆ ئەوەی لە ئامرازێکی میدیایی بڵاوبکرێتەوە"، دەچێتە چوارچێوەی بەرهەمی میدیایی، (توم، أقتصاديات الاعلام 2013، 7)

### 2-1-6- جۆر و تایبەتمەندیەکانی بەرهەمی میدیایی

1. کتێب و (CD): ئەم دوو جۆرە بەرهەمە دامەزراوەی بەرهەمهێن لە دوای بەرهەمهێنانی بەرهەمەکە دەیفرۆشێت و بەکارهێنەر نرخەکەی دەدات و دەبێتە خاوەنی کۆپیەکی تایبەت بەخۆی و هەر کاتێك بیەوێت دەتوانێت بگەڕێتەوە بۆی و بەکاری بهێنێت.
2. ڕۆژنامە و گۆڤار: ڕۆژنامە و گۆڤار دوو بەرهەمی میدیایی چاپکراون و لە لایەن دەزگایەکی میدیایی تایبەت بەرهەم دەهێنرێن، بۆ بەرهەمهێنانی پێویستیان بە توانای مرۆیی و ئامێری کۆمپیوتەر و چاپ هەیە و تێچووی دەبێت، لە بەرامبەردا خوێنەر کە ڕۆژنامە و گۆڤارەکە دەکرێت بەشێکی نرخەکەی دەدات، بەشەکەی دیکە لە لایەن ڕێکلامکار و سپۆنسەرەکانەوە دەدرێت یان دەوڵەت بەشێوەی

هاوکاری بەشێکی تێچووەکەی دابین دەکات، لە بەرامبەردا خوێنەر دەبێتە خاوەنی ژمارەیەکی تایبەت بەخۆی و بەکاردێت تا کاتی دەرچوونی ژمارەیەکی نوێ، واتا بۆ ماوەیەکی کاتی.

3. پەخش: (تەلەفزیۆن و ڕادیۆ ) ڕادیۆ بەگشتی پەخشەکانیان بە خۆڕاییە و لەبەرامبەر پەخشدا هیچ پارەیەك لە بەکارهێنەر وەرناگرن، بەڵام تەلەفزیۆن لەبەرامبەر بەرهەمەکانیان دوو جۆرن، یەکەم بەشێوەی خۆڕایی، کە بەشێکی زۆریان خزمەتەکانیان بە شێوەی خۆڕایی دەخەنەڕوو، بەشێکی دیکەش لە بەرامبەردا پارە وەردەگرن. (مەحمود، 2020)

أ- پەخشی خۆڕایی، بەشێکی زۆری کەناڵەکانی تەلەفزیۆنی بەرهەمەکانیان بە خۆڕایی پێشکەش بە بینەرەکانیان دەکەن، نرخی بەرهەمەکانیان لە لایەن ڕێکلامکارو سپۆنسەرەکانەوە دەدرێت، بەڵام بەکارهێنەر کۆپی خۆی دەست ناکەوێت.

ب- پەخشی بەپارە: ئەم جۆرە پەخشە لە ساڵەکانی 2000وە دەرکەوتن ئەو کاتەی لە ئامێری ریسیڤەری سەتەلایت پەخشی بەشێك لە کەناڵەکان کرانە بەبەپارە، دەبوو بەکارهێنەر لە بەرامبەر کردنەوەی کەناڵەکە ساڵانە برێك پارە بداتە کەناڵەکە لە ڕێگەی کرینی کارتێك، ئەم جۆرە پەخشە بە عەرەبی پێی دەگوترێت (التلفزيون المدفوع)، لە سەردەمی ئێستادا کەناڵە لۆکاڵیەکانیش هەمان سیستەم بەکار دەهێنن، لە بەرامبەر کۆدنەوەی پەخشی کەناڵەکانیان پارە لە بینەر وەردەگرن و کۆمپانیاکانی پەخش لەبەرامبەردا بێ بەرامبەر پەخش بۆ کەناڵەکان دەکەن، بۆ نمونەی لە مانگی دەستکردی نیل سات (اي. ار. تي)، (شوتايم) و(اوربت) و ( بێن سپۆرت)... (تیدمان 2001)

بەپێی سەرنجی توێژەر لە نمونەی کەناڵە ناو خۆییەکان لە هەرێمی کوردستان چەند کۆمپانیایەکی پەخش هەن بە ناوەکانی ( ئای ستار)، (مێکس میدیا)، ( ئێچ دی بۆکس)، ئەم جۆرە پەخشانە ساڵانە برێك پارە لە بەکارهێنەران وەردەگرن لە بەرامبەر پەخشکردنی ژمارەیەکی زۆر لە کەناڵی جۆراوجۆر، سودی ئەم جۆرە پەخشە لە کوردستان بۆ کەناڵەکان ئەوەیە کە پارەی پەخشیان لێوەرناگیرێت، کەواتا خەرجی لەسەر بەرهەمهێنی میدیایی کەم دەکاتەوە و بینەر تێچووی بەخشەکە دەدات.

4. بەرهەمی میدیای نوێ: بەرهەمەکانی میدیای نوێ بە زۆری لەسەر بنەمای پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری بەخۆڕایی و بێ بەرامبەر کاردەکەن، چونکە لەسەر دەستی کەسانێك هاتنە ئاراوە کە باوڕیان بە فەراهەمکردنی تەکنەلۆژیا هەیە بۆ هەمووان، سەرجەم بەرهەمەکانی میدیای نوێ ملکەچە

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(١)، زستان ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

بە کۆمەڵە ڕێساو بنەمایەکەوە، کە لە لایەن بەرهەمهێنەرەکانیانەوە بڕیاری لەسەر دەدرێت، میدیا نوێ یان بەرهەمهێنەران لە میدیای نوێ پشت دەبەستن بە زۆربوونی بەشداربووان و جەماوەر و زوو بڵاوبوونەوەی بەرهەمەکان، ئەمە وایکردووە کە داهاتی گەورە و زەبەلاح بەدەست بهێنرێت، لە ئەنجامی بڵاوکردنەوەی ڕێکلام و ئابوونەی بەشداریکرن لە ئینتەرنێت.

### 2-1-7- تایبەتمەندیەکانی پیشەسازی بەرهەمهێنانی میدیایی

لە سەردەمی تەکەنەلۆژیادا میدیا هەنگاوی ناوە بۆ بەپیشەسازیبوون، بۆیە پیشەسازی میدیا چەند تایبەتمەندیەکی هەیە کە جیای دەکاتەوە لە پیشەسازیەکانی دیکە لەوانە: (هەردەوان مەحمود کاکەشێخ، عبدالخالق ابراهیم 2017، 17-19)

1. هۆکارەکانی بەرهەمهێنان: پیشەسازی میدیا هاوشێوەی هەموو پیشەسازییەکانی دیکە پێویستی بە پێنج هۆکاری سەرەکییە بۆ بەرهەمهێنان (سەرمایە، کار، کارگێڕی، کەرەستەی خاو، ئامێر) بەڵام لە پیشەسازی میدیادا هۆکارەکانی بەرهەمهێنان شێوازێکی جیاوازتریان هەیە، بۆ نمونە سەرمایە لەبەر فراوانی ئەو سەرمایەیەی کە لەم جۆرە پیشەسازیەدا وەبەرهێنانی پێوە دەکرێت ئەستەمە کەسێك خۆی بەتەنها بتوانێت وەبەرهێنان لەم جۆرە پیشەسازیەدا بکات بەتایبەتی لە سایەی پێشکەوتنەکانی تەکنەلۆژیا لە بواری میدیا.
2. کات: کات بۆ میدیا بەگشتی و بەتایبەت بۆ (ڕۆژنامە و سۆشیال میدیا) ڕۆڵێکی کاریگەر و گرنگی لە پیشەسازی میدیا هەیە بە بەراورد بە پیشەسازییەکانی دیکە، چونکە لە پیشەسازی میدیادا ڕکابەرییەکی توند هەیە لە بابەتی زوو گەیشتن بە جەماوەر.
3. تایبەتمەندی زوو بەسەرچوون: سروشتی بەرهەم و بابەتە میدیاییەکان بە جۆرێکە لە وادەیەکی زۆر کەمدا بەسەردەچێت بە تایبەتی هەواڵ.
4. بەدەستهێنانی قازانج: دامەزراوەی میدیایی لە ڕێگەی فرۆشتنی بەرهەمەکانی قازانج دەکات، ئەوەش بەو ئامانجەیە تا بتوانێ لە گەیاندنی پەیامە میدیاییەکەی بەردەوام بێت و قازانجیش بکات.
5. پیشەسازی میدیا: پیشەسازیەکە هەڵگری پەیامێکی کۆمەلایەتیە کە گرنگی دەدات بە پڕکردنەوەی خواستی جەماوەر و خوێنەر.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(١)، زستان ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

6. دڵەڕاوکێ و نادڵنیایی: بەهۆی سەرهەڵدانی میدیای نوێ و تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان و پێشکەوتنی تەکنەلۆژیا، دامەزراوەکانی ڕاگەیاندن ترسی لەناوچونیان هەیە بۆیە خۆیان دەگونجێنن لەگەڵ پێشکەوتنی میدیایی و بەرهەمەکانیان لە ڕێگەی تۆڕە کۆمەلایەتیەکان بەبازاڕکردنی بۆ دەکەن تا بتوانن بەردەوام بن لە کاری میدیایی و بەرهەمهێنانی میدیایی.
7. فرۆشتن: فرۆشتنی بابەتە میدیاییەکان بە دوو لایەن لە هەمان کاتدا بەشداربووان و ڕێکلامکاران.

## 2-2- پێناسە و جۆر و فۆڕمەکانی کارکردنی تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان

### 2-2-1- پێناسەی تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان

هەرچەندە هەر تۆڕێکی کۆمەڵایەتی پێناسەیەکی تایبەتی بە خۆی هەیە بەپێی میکانیزمی کارکردنی ئەو تۆڕە، بەشێوەیەکی گشتی دەتوانین پێناسیەکی گشتی و سەردەم بۆ تۆڕە کۆمەلایەتیەکان بەم شێوەیە بکەین، "ئامرازێکی ئۆنلاینە مرۆڤەکان لە ڕێگەی کۆمپیوتەر یاخود مۆبایلەکانیان دەتوانن بەکاریان بهێنن بۆ پەیوەندیکردن و نمایشکردنی دید و بۆچوون و قسەکردن لەسەر بابەتە جیاوازەکان و ئاڵوگۆڕکردنی دەقی نوسراو یان وێنە یان ڤیدیۆ بەبێ هیچ سانسۆرێك (بربخ، 2015، صفحة 80).

### 2-2-2- تایبەتمەندیەکانی تۆڕە کۆمەلایەتیەکان:

تایبەتمەندیەکانی تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان زۆرن بەڵام ئەمانەی خوارەوە گرنگترین تایبەتمەندیەکانن:
1. زۆربەی تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان بە خۆڕایین.
2. خزمەتگوزاری ڕێکلام و بەبازاڕکردن بۆ بەکارهێنەرانیان دابین دەکەن.
3. تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان پشت بە بەرنامەی زۆر زیرەکی تەکەنەلۆژیا دەبەستن.
4. تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان زۆرترین زانیاری لەسەر بەکارهێنەرانیان کۆدەکەنەوە، بۆ زانینی حەزەکانیان و پیشاندانی ڕێکلام بەپێی ئەو حەزانەیان.
5. تۆڕە کۆمەلایەتیەکان جۆراوجۆرن لە ڕووی تایبەتمەندی و ناوەڕۆك و سیاسەتی کارکردنیان.
6. تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان تەنیا هەژمارێك دەدات بە بەکارهێنەرانی، ئەرکی بەرهەمهێنی ناوەڕۆکی میدیایی دەداتە بەکارهێنەرانی.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(١)، زستان ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

7. تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان پێگەی ئینتەرنێتین و لە دوای پەرەدان بە ئەپڵیکەیشنی ویب (2.0) هاتنە ئاراوە.

## 3-2-2- سەکۆکانی تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان بۆ بەبازاڕکردن:

1. فەیسبووك (Facebook): فەیسبووك وێبسایتێکی بەیەکگەیشتنی کۆمەڵایەتیە دەتوانرێت بەخۆڕایی تێیدا بەشداری بکرێت و لە لایەن کۆمپانیای فەیسبووک وەك خاوەندارێتی تایبەت بەڕێوەدەبرێت، (الرعود، 2012، صفحة 43).

زۆری ژمارەی بەکارهێنەران لە تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبووك گرنگە بۆ کارمەندانی بەشی بەبازاڕکردن لە کۆمپانیاکان، سروشتی کارپێکردنی فەیسبووك هاوکارە بۆ کاری ڕێکلام و بەبازاڕکردن چونکە فەیسبووك بەپێی تۆمارکردنی حەز و سلوك و ناوچەی جوگرافی ڕێکلام نیشانی بەکارهێنەرانی دەدات و بەکارهێنانیشی ئاسنترە لە تۆڕەکانی دیکە.

2. تویتەر (twitter): تویتەر ناوەکەی لە چەمکی (twite) هاتووە واتا جریوەی چۆڵەکە، تویتەر پێگەیەکی بەرفراوانی تۆڕە کۆمەلایەتیەکانە بۆ بڵاوکردنەوەی زانیاری و سەرنج و بۆچوونە کەسییەکان لە ڕێگەی پەیامێکی کورت، دەکرێت لینك یاخود وێنە و ڤیدیۆ یان هەر کەرەستەیەکی تری ئۆنلاین بێت تێدا بلاوبکرێتەوە، هەموو کەسێك دەتوانێت هەژمارێك بەشێوەی خۆڕایی لە تویتەر دروستبکات، توێژەر و کەسانی سیاسی و تایبەتمەند زیاتر تویتەر بەکاردەهێنن (Maclean، 2013، صفحة 295).

3. ئینستاگرام (Instagram): ئینستاگرام فۆرمێکی نوێی تۆڕە کۆمەڵایەتیەکانە لەسەر بڵاوکردنەوەی و هاوبەشی پێکردنی وێنە و ڤیدیۆ بونیاتنراوە زۆرترین بەکارهێنەری هەیە لەو بوارەدا لە چاو پێگەکانی دیکەی تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان، زۆرینەی بەکارهێنەرانی ئینستاگرام لە نێوان تەمەنی (17) بۆ (24) ساڵیدان، بەپێی توێژینەوەکان (70%)ی بەکارهێنەرانی ئینستاگرام گەنجانن لەسەر ئاستی جیهان. (Huang 2018, 27)

لەبەر زۆری ڕێژەی بەکارهێنەرانی ئینستاگرام بە پێگەیەکی گرنگی بازرگانی ومارکێتینگ دادەنرێت، زۆرێك لە کۆمپانیاکان و کلینیکی پزیشکی و شوێنی بازاڕکردن پێگەی ئینستاگرام وەك ڕێگایەکی ئاسان بۆ ڕێکلامکردن و گەیشتن بە کڕیارەکانیان بەکاری دەهێنن، بەهۆی ئەوەی ڕێکلامی بازرگانی لە

تەلەفزیۆن و ڕادیۆ و گۆڤارەکان تێچووی زۆر دەخاتە ئەستۆی کۆمپانیاکان و ڕێژەی قازانجیان کەم دەکاتەوە بۆیە پەنا دەبنە بەر ئینستاگرام. (Lavoie 2015, 83)

4. یوتیوب (YouTube): یوتیوب وێبسایتێکی کۆمەلایەتی تایبەت بە ڤیدیۆ، لە ئێستادا بۆتە پێگەیەکی زۆر گرنگ بۆ زۆربەی بوارەکان هەر لە کات بەسەربردن و سەیرکردنی فیلم و هەروەها لە بواری فێرکردنی ئەلیکترۆنیش دەتوانرێت چەندین کۆرس و ڤیدیۆی پەروەردەیی و فێرکردنی لێ بڵاوبکرێتەوە لەسەرجەم وڵاتانی دونیادا فێرخوازان سوودمەندەبن لێی.

تۆڕی کۆمەلایەتی یوتیوب کۆمەڵێك یاساو ڕێکاری تایبەتی داناوە بۆ بەکارهێنەران هەر کەسێك یاساکی یوتیوب پێشێل بکات ئەوکات ڤیدیۆکەی دەسڕێتەوە، هەر ڤیدیۆیەکیش ڕێژەی بینەرەکانی بگاتە سەرو یەك ملیۆن بینەر پشکی ڕێکلام بە خاوەنی کەناڵەکان دەدات .(Ireland, 2018) .

بەپێی نوێترین داتای (YouTube) لە سەرەتای ساڵی 2021 دوو ملیار کەناڵی تۆمارکردووە و مانگانە دوو ملیار بەکارهێنەر بە 80 زمان جیاواز لە 100 ولات یوتیوب بەکاردەهێنن، ڕۆژانە زیاتر لە یەك ملیار کاتژمێر ڤیدیۆ لە یوتیوب بەکاردەهێنرێت، بەپێی ئەو داتایە 70% بەکارهێنەران لە ڕێگەی مۆبایلەوە سەردانی یوتیوب دەکەن. (press.Y, 2021)

5. سناپ چات: یەکێکە لە ئامرازە نوێیەکانی میدیای نوێ و بەپێی بۆچوونی شارەزایانی میدیا دەچێتە خانەی تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان بە فۆڕمێکی جیاوازتر و لە قاڵبی ئەپلیکەیشن چاتەکانە، لەساڵی 2011 سناپ چات لە لایەن سێ قوتابی زانکۆی ستانفۆرد دروستکرا و پەرەی پێدرا بە ناوەکانی (ئیڤان شبیغل، بوبی مێرفل، ریجی براون)، لە ئێستادا سناپ چات ئامرازێکی سەرکەوتووە بۆ بازاڕسازی کەسی تایبەتمەند بە تایبەتی کاری ئافرەتان وەکو کاری دەستی، چنین، وێنە، خواردن دروستکردن و مەیکەپ و چەندین بواری دیکە کە هاوکارێکی زۆری ئەو ئافرەتانەی کردووە بۆ برەودان بە کارەکانیان لەناو ماڵەکانیان.

بەپێی توێژینەوەیەك کە پەیمانگای (بیۆ)ی ئەمریکی ئەنجامی داوە 78% بەکارهێنەرانی سناپ چات تەمەنیان لە نێوان 18 بۆ 21 ساڵانە، هەروەها زۆربەی بەکارهێنەرانی سناپ چات کچانن بەهۆی ئەوەی فیلتەری جوانکردنی مرۆڤی بە جۆرەها شێواز تێدا جێگیرکراوە. (القرار, 2020)

6. تیلیگرام: ئەپڵیکەیشنێکی چاتی خاوەن سیفەتی تایبەتە بەو مانایەی کە کەسێك بەشداری تیلیگرامەکەت ناکات ئەگەر هەمان ناوەڕۆکی تیلیگرامەکەی ئەوت نەبێ و سیفەتێکی تری سوود مەندی تیلیگرام ئەوەیە کە دەکرێت ڕیکلام لەناو تیلیگرامەکەت بکەی لەناو کەناڵێکی تری تیلیگرامدا و کەسانی تایبەتمەند بە یەك بوار لە کەناڵەکە بەیەکەوە کۆدەبنەوە، تیلیگرام لە لایەن دوو برا بە ناوەکانی (نیکولاي و بافیل دروف) دروستکرا لە ساڵی 2013، بە گەورەترین تۆڕی ڕووسی دادەنرێت، بەڵام وەك کۆمپانیا لە بەرلینی پایتەختی ئەڵمانیا تۆمارکراوە.

7. واتس ئەپ: واتس ئەپ ئەپڵیکەیشنێکی چاتکردنە بەکارهێنەرێکی زۆری هەیە لەسەرتاسەری جیهان کە ژمارەی بەکارهێنەرانی دەگاتە زیاتر لە (1.5) ملیار و ڕۆژانە زیاتر لە 60 ملیار نامەی تێدا ئاڵوگۆڕ دەکرێت، یەکێك لە تایبەتمەندیەکانی واتس ئەپ ئەوەیە ڕێکلام تێدا هەرزانترە بە بەراورد بە ئەپڵێکەیشنەکانی دیکە هەروەها گفتوگۆی ڕاستەوخۆ لە نێوان کڕیار و فرۆشیاردا دەکرێت ئەمەش پرۆسەی بازاڕسازی ئاسانتر دەکات هەروەها ئەپڵیکەیشنێکی بەهێزە لە لایەنی پارێزراوی و پاراستنی کەسەکان لە هاککردن بە تایبەت بۆ ئەو مامەڵانەی کە پێویست بە تۆمارکردنی ژمارەی بانکی و ژمارەی کارتی پارەی ئەلیکترۆنی دەکات.

8. ویچات: ویچات ئەپڵیکەیشنێکی چاتی چینیە بەو پێیەی چین وڵاتێکی بازرگانی بەهێزە پێشنیاری جۆرێك لەم ئەپڵیکەیشنە زۆر گونجاو بوو بۆیە سوودی زۆری بەو بازرگانانە گەیاند کە مامەڵەو بازرگانیان لەگەل وڵاتی چیندا هەیە.

9. فەیسبووك ماسنجەر: ئەپلیکەیشنێکی چاتکردنی لکاوی تۆڕی کۆمەلایەتی فەیسبووکە سوودی زۆری بازاڕسازی هەیە چونکە گەر کۆمپانیا یان خاوەن کارەکان ئاکاونتی تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبووکیان هەبێت ئەو لەگەڵ ئەوەشدا خاوەنی ئەپڵیکەیشنێکی چاتیشە بەناوی ماسنجەر بەمەش کەسی خاوەن کار سوود لە هەردوو ئەپڵیکەیشنەکە دەبینن بۆ بازاڕکردن لە فەیسبووك و گروپ و لاپەڕەکان دەتوانێت سوود وەرگرێت لە ڕێگای کۆمێنت و بەشداری و لایکەوە سوود بە بازاڕسازی و برەودان بە کاڵاکانی بگەیەنێت لە ماسنجەریشدا پەیوەندی ڕاستەوخۆی لەگەڵ بەکاربەران هەبێت لە ڕێگای ستۆریشدا دووبارە بەرهەمەکانی پیشان بدات چەند سیفەتێکی هەیە تایبەتن بە بازاڕسازی لەوانە هەندێك خاڵی تایبەت بە ئەپڵیکەیشنی ماسنجەر و ڕۆڵی لە سەرکەوتنی کۆمپانیا:

أ- وەڵامدانەوی خێرای بەکاربەران.

ب- دانانی پەیامی ئامادە بۆ وەڵامدانەوە لە کاتی ئامادەنەبوون لەناو لاپەڕکە.

ج- دانانی پەیامی کاتی کرانەوە و داخرانی کۆمپانیا و دواتر وەڵام وەرگرتن.

10. ڤایبەر: ئەپڵیکەیشنێکی چاتکردنی باوە لە سەرتاسەری جیهان و سوودی بە بواری بازاڕسای و پیاوانی کار گەیاندووە بە تایبەت ئەوانەی کە لەبواری خزمەتگوزاری کار دەکەن بەوەی هەموو کات دەتوانن بەکاربەرانی لە نوێکاری و خزمەتگوزاری نوێ ئاگادار بکاتەوە لە ڕیگەی گروپەکان بۆ نمونە گروپی ڤایبەری  نرخی دۆلار، بۆرسە . (مەحمود،کاکەشێخ، 2021، 367)

## باسی سێیەم: پراکتیکنامەی توێژینەوە

### 3-1- ڕێکارەکانی ئەنجامدانی توێژینەوەکە

دوای ئامادەکردنی فۆڕمی ڕاپرسی توێژینەوەکە لەلایەن توێژەرەوە بەهەماهەنگی لەگەڵ سەرپەرشتیاری توێژینەوە، توێژەر بۆ دەرهێنانی ڕاستی، فۆڕمەکەی بەسەر ئەم مامۆستا و پسپۆرانەی خوارەوە دابەشکرد:

1. پ.ی.د. نەزاکەت حسێن، پسپۆری ڕێکلام و بەبازارکردن، بەشی راگەیاندن، کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتیەکان، زانکۆی سلێمانی
2. پ.ی. د.رزگار مغدید احمد، پسپۆری ئامار، کۆلێژی کارگێری و ئابوری زانکۆی سەلاحەددین – هەولێر
3. پ.ی.م. هەردەوان مەحمود ، پسپۆری ئابوری راگەیاندن، بەشی راگەیاندن، کۆلێژی ئەدەبیات، زانکۆی سەلاحەددین- هەولێر
4. د.صادق حمەغریب حمە صالح، پسپۆری راگەیاندن، بەشی راگەیاندن، کۆلێژی ئەدەبیات، زانکۆی سەلاحەددین- هەولێر
5. د.هیوا حاجی خدر، سکۆلی زانستە مرۆڤایەتیەکان، زانکۆی برایتن، بەریتانیا

لە دوای سەرنج و تێبینیەکانی مامۆستایانی پسپۆر کە فۆڕمی ڕاپرسیەکەیان هەڵسەنگاند، ئەویش بە لابردن و چاککردن و زیادکردن بڕگە و پرسیارەکان، فۆڕمەکە کرایە (19) پرسیاری تایبەت بە توێژینەوە.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(١)، زستان ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

لە پێناو گەیشتن بە ئامانجی توێژینەوە، توێژەر هەستا بە دابەشکردنی (350) فۆرم بەسەر بەکارهێنەرانی تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان لە پارێزگاکانی (هەولێر، سلێمانی، دهۆك، هەلەبجە) لە هەرێمی کوردستان لەو ژمارەیەدا تەنیا (295) فۆڕمی شیاو شیکارکرابوون، پاش بەتاڵکردنی زانیاریەکانی لە شێوەی خشتە ئەنجامەکانی روونکراوەتەوە و شیکردنەوەی بۆ کراوە و ئەنجامی توێژینەوەکە خراوەتەڕوو.

### 2-3- شیکردنەوە و خستنەڕووی زانیاریەکانی لایەنی مەیدانی توێژینەوە

لەم توێژینەوەیەدا توێژەر مەبەستیەتی بگاتە بەدەستهێنانی زانیاری لە بارەی کاریگەری بەبازاڕکردن بەگشتی و بەبازاڕکردنی بەرهەمەکانی میدیایی لە سۆشیاڵ میدیا، بەراوردی نێوان بەکارهێنانی میدیای کلاسیکی و میدیای کۆمەڵایەتی دەربخات بە پێی وەڵام و ئەنجامی راپرسیەکەی ئەم توێژینەوەیە.

1. ڕەگەز: وەك لە خشتەی ژمارە (1) دەرکەوتووە کە زۆرینەی بەرتوێژراوان لە ڕەگەزی نێرن بە پلەی دووەم ڕەگەزی مێ دێت ئەوەش ئاماژەیەکە کە زۆرینەی بەکارهێنەرانی تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان نێرن.

خشتەی (1) دابەشبوونی سامپڵی توێژینەوە بەپێی ڕەگەز رووندەکاتەوە

| گۆڕاو | بژاردەکان | ژمارە | % | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەری | % |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ڕەگەز | نێر | 197 | %66.8 | 1.332203 | 0.471804 | 100 % |
| | مێ | 98 | %33.2 | | | |
| کۆی گشتی بەرتوێژان | | 295 | %100 | | | |

2. تەمەن: وەك لە خشتەی ژمارە (2) دەردەکەوێت کە ل بەرتوێژانی ئەم توێژینەوەیە لە تەمەنی جیاوازدان، بەڵام بەکارهێنەرانی تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان زۆرینەیان لە تەمەنی نێوان 15 بۆ 30 ساڵن .

خشتەی (2) تەمەنی بەرتوێژراوان ڕوون دەکاتەوە

| گۆڕاو | تەمەن بە ساڵ | ژمارە | % | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەری | % |
|---|---|---|---|---|---|---|
| تەمەن | 15 بۆ 30 ساڵ | 139 | %47.1 | 1.627119 | 0.657203 | %100 |

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(١)، زستان ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

| | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | 31 بۆ 45 ساڵ | 127 | %43.1 | | | |
| | سەرو 45 ساڵ | 29 | %9.8 | | | |
| کۆی گشتی بەرتوێژان | | 295 | %100 | | | |

3. ئاستی خوێندن: وەك لە خشتەی ژمارە (3) دەردەکەوێت کە بەرتوێژراوان لە ئاستی خوێندنەواری جیاوازن و لە ئاستی سەرەتایی تا دکتۆرا بەشدارن لەم توێژینەوەیە کە ئەمەش خاڵێکی بەهێزە بۆ توێژینەوە.

خشتەی (3) دابەشبوونی سامپڵی توێژینەوە بەپێی ئاستی خوێندن ڕووندەکاتەوە

| بڕوانامە | ژمارە | % | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەری | % |
|---|---|---|---|---|---|
| بنەڕەتی | 15 | %5.1 | 3.487889 | 0.986379 | %100 |
| ئامادەیی | 44 | %14.9 | | | |
| پەیمانگا | 64 | %21.7 | | | |
| بەکالۆریۆس | 143 | %48.4 | | | |
| ماستەر | 27 | %9.2 | | | |
| دکتۆرا | 2 | %0.7 | | | |
| کۆی گشتی بەرتوێژان | 295 | %100 | | | |

4. کاتژمێرەکانی بەکارهێنانی تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان لە ڕۆژێکدا: بەپێی خشتەی ژمارە (4) زۆرینەی بەرتوێژراوان لە ڕۆژێکدا لەنێوان یەك کاتژمێر بۆ سێ کاتژمێر تۆڕە کۆمەلایەتیەکان بەکاردەهێنن.

خشتەی (4) کاتژمێرەکانی بەکارهێنانی تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان دەردەخات

| ژ | کاتژمێرەکانی بەکارهێنانی تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان | ژمارە | % | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەری |
|---|---|---|---|---|---|
| ١ | یەك کاتژمێر بۆ سێ کاتژمێر | 139 | %47.1 | 2.000000 | 1.115750 |
| ٢ | سێ کاتژمێر بۆ پێنج کاتژمێر | 63 | %21.3 | | |
| ٣ | کەمتر لە یەك کاتژمێرێك | 48 | %16.3 | | |

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(١)، زستان ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| ٤ | ڕۆژانە زیاتر لەپێنج کاتژمێر | 45 | %15.3 | | |
| کۆی گشتی | | 295 | % 100 | | |

5. بەراوردی نێوان میدیای کۆمەڵایەتی و میدیای کلاسیکی: لە خشتەی ژمارە (5) ڕووندەبێتەوە کە جیاوازی زۆر هەیە لە نێوان بەکارهێنانی میدیای کۆمەڵایەتی و میدیای کلاسیکی.

خشتەی (5) ڕێژەی بەراوردی نێوان بەکارهێنانی میدیای نوێ و کلاسیکی دەردەخات

| گۆڕاو | بژاردەکان | ژمارە | % | کۆی گشتی | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەری | % |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان | ئێجگار زۆر | 83 | %28.1 | 295 | 2.050847 | 0.884941 | %57.2 |
| | زۆر | 125 | %42.4 | | | | |
| | مام ناوەند | 74 | %25.1 | | | | |
| | کەم | 7 | %2.4 | | | | |
| | زۆر کەم | 6 | %2 | | | | |
| میدیای کلاسیکی | ئێجگار زۆر | 15 | %5.1 | 295 | 3.067797 | 0.955906 | %42.8 |
| | زۆر | 57 | %19.3 | | | | |
| | مام ناوەند | 139 | %47.1 | | | | |
| | کەم | 61 | %20.7 | | | | |
| | زۆر کەم | 23 | %7.8 | | | | |

6. کام لە ئەپلیکەیشنەکانی تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان زیاتر بەکاردەهێندرێت : بەپێی خشتەی ژمارە (6) روون دەبێتەوە کە کامە ئەپلیکەیشنی تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان زیاتر لە لایەن بەرتوێژراوانەوە بەکاردەهێندرێت، ئەوەی دەرکەوتووە لە ئەنجامەکان کە زۆرینەی بەرتوێژراوان لە ئەپلیکەیشنێك زیاتر بەکاردەهێنن وەك ئاماژەیەکی روون بۆ گرنگی ئەم ئەپلیکەیشنانە لە ژیانی رۆژانەی مرۆڤ، کە بەبازاڕکردنیش بۆتە بەشێك لە ژیانی مرۆڤ لەناو سۆشیاڵ میدیا. بەپێی ئەنجامەکانی خشتەی خوارەوە، دەردەکەوێت کە لە هەرێمی کوردستان بە پلەی یەکەم فەیسبووك زۆرترین بەکارهێنەری هەیە و بە پلەی دووەم یوتیوب بەکاردێت لەبواری بەبازاڕکردنی بەرهەمی میدیایی، بۆ پرۆسەی پەیوەندیکردنیش لەنێو ئەپلیکەیشنەکان ڤایبەر زۆرترین و بەکارهێنەر و تویتەریش کەمترینی هەیە.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(١)، زستان ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

خشتەی (6) بەکارهێنانی جۆرەکانی تۆرە کۆمەلایەتیەکان دەردەخات

| گۆڕاو | بژاردەکان | ژمارە | % | کۆی گشتی | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەری | ڕێژەی % |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| فەیسبووک | ئێجگار زۆر | 85 | %28.9 | 295 | 2.152542 | 0.933386 | %17.6 |
| | زۆر | 104 | %35.3 | | | | |
| | مام ناوەند | 90 | %30.5 | | | | |
| | کەم | 12 | 4% | | | | |
| | زۆر کەم | 4 | %1.3 | | | | |
| یوتیوب | زۆر کەم | 31 | %10.5 | 295 | 2.752542 | 1.038274 | %14.6 |
| | زۆر | 91 | %30.8 | | | | |
| | مام ناوەند | 110 | %37.3 | | | | |
| | کەم | 43 | %14.6 | | | | |
| | زۆر کەم | 20 | %6.8 | | | | |
| ڤایبەر | ئێجگار زۆر | 18 | %6.10 | 295 | 2.945763 | 1.045125 | %14.4 |
| | زۆر | 87 | %29.5 | | | | |
| | مام ناوەند | 123 | %41.7 | | | | |
| | کەم | 48 | %16.3 | | | | |
| | زۆر کەم | 19 | %6.4 | | | | |
| ئینستگرام | ئێجگار زۆر | 41 | %13.9 | 295 | 3.000000 | 1.269742 | %12.5 |
| | زۆر | 67 | %22.8 | | | | |
| | مام ناوەند | 91 | %30.8 | | | | |
| | کەم | 49 | %16.6 | | | | |
| | زۆر کەم | 47 | %15.9 | | | | |
| وەتس ئەپ | ئێجگار زۆر | 24 | %8.1 | 295 | 3.305085 | 1.181695 | %10 |
| | زۆر | 51 | %17.3 | | | | |

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(١)، زستان ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

| | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | مام ناوەند | 84 | %28.5 | | | | |
| | کەم | 85 | %28.8 | | | | |
| | زۆر کەم | 51 | %17.3 | | | | |
| تیك تۆك | ئێجگار زۆر | 21 | %7.1 | 295 | 3.467797 | 1.284979 | %9.3 |
| | زۆر | 55 | %18.6 | | | | |
| | مام ناوەند | 72 | %24.5 | | | | |
| | کەم | 59 | %20 | | | | |
| | زۆر کەم | 88 | %29.8 | | | | |
| تێلیگرام | ئێجگار زۆر | 15 | %5 | 295 | 3.529412 | 1.108678 | %9.2 |
| | زۆر | 46 | %15.6 | | | | |
| | مام ناوەند | 85 | %28.8 | | | | |
| | کەم | 81 | %27.5 | | | | |
| | زۆر کەم | 68 | %23.1 | | | | |
| سناپ چات | ئێجگار زۆر | 46 | %15.7 | 295 | 3.376271 | 1.437157 | %8.4 |
| | زۆر | 45 | %15.3 | | | | |
| | مام ناوەند | 42 | %14.2 | | | | |
| | کەم | 76 | %25.8 | | | | |
| | زۆر کەم | 86 | %29.1 | | | | |
| تویتەر | ئێجگار زۆر | 6 | %2 | 295 | 4.155932 | 1.001406 | %4 |
| | زۆر | 17 | %5.8 | | | | |
| | مام ناوەند | 41 | %13.9 | | | | |
| | کەم | 92 | %31.2 | | | | |
| | زۆر کەم | 139 | %47.1 | | | | |

7. مەبەست لە بەکارهێنانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان: خشتەی ژمارە (7) مەبەستی بەکارهێنانی بەرتوێژراوان بۆ تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان دەردەخات، بەپێی ئەنجامەکانی ئەم خشتەیە زۆربەی بەکارهێنەرانی تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان بۆ مەبەستی ئاگاداربوون لە هەواڵ و زانیاریەکان تۆڕە

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(١)، زستان ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

کۆمەڵایەتیەکان بەکاردەهێنن، بە پلەی دووەم بۆ پەیوەندیکردن تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان بەکاردەهێنن، بابەتی کڕین و فرۆشتن و ریکلام و بەبازاڕکردن لە لایەن خەڵکەوە کەم بەکاردێت و ئەم دوو بڕگەیە لە پلەی کۆتایی دێت.

خشتەی (7) مەبەستی بەکارهێنانی تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان رووندەکاتەوە

| بژاردەکان | دووبارە بوونەوە | % | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوانەیی |
|---|---|---|---|---|
| ئاگاداربوون لە هەواڵ و زانیاری | 248 | %26.6 | 2.994641 | 1.821714 |
| پەیوەندیکردن | 189 | %20.2 | | |
| خۆ رۆشنبیرکردن | 189 | %20.2 | | |
| کات بەسەربردن | 114 | %12.2 | | |
| خۆناساندن و خۆناوداركردن | 76 | %8.2 | | |
| کڕین و فرۆشتن | 54 | %5.8 | | |
| بەبازاڕکردن و ریکلام | 63 | %6.8 | | |
| کۆی گشتی | 933 | 100 | | |

8. جۆرەکانی پۆست لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان: لە خشتەی ژمارە (8) جۆرەکانی پۆستکردن لە تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان لەلایەن بەرتوێژراوانی توێژینەوە جیاکراوەتەوە ، بە پلەی یەکەم بەکارهێنەرانی تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان ئارەزووی سەرجەم جۆرەکانی پۆستکردن دەکەن، بەڵام بە پلەی دووەم ڤیدیۆ دێت لە پلەی سێەم تێکست لە پلەی چوارەمیش وێنە، ئەوەش ئەوە دەردەخات کە بەکارهێنەرانی سۆشیاڵ میدیا زیاتر بۆ تەماشاکردنی ڤیدیۆ تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان بەکاردەهێنن، چونکە ڤیدیۆ کۆکەرەوەی هەرسێ هەستەکەیە و زۆربەی بەرهەمەکانی میدیا بە شێوازی ڤیدیۆ بەرهەم دەهێندرێن و ئێستا شێوازی وێنە گرافیکی ڤیدیۆیی زۆر باوە لە تۆڕە کۆمەڵایەکان و گرنگی زۆری پێدەدرێت، هەروەها هۆکاری زۆر بەکارهێنانی ڤیدیۆ بۆ باشتر بوونی ژێرخانی ئینتەرنێت دەگەڕێتەوە لە کوردستان و لە ئێستادا سەرجەم کۆمپانیاکانی ئینتەرنێت نەوەی چوارەمی (4G) ئینتەر دەدەن بە هاوبەشەکانیان.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(١)، زستان ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

خشتەی (8) ئارەزووی بەکارهێنەر بۆ جۆرەکانی پۆست لە تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان ڕووندەکاتەوە

| بژاردەکان | دووبارە بوونەوە | % | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوانەیی |
|---|---|---|---|---|
| هەموو شێوازەکانی پۆستکردن | 158 | %53.6 | 1.766102 | 0.977399 |
| ڤیدیۆ | 72 | %24.4 | | |
| تێکست | 37 | %12.5 | | |
| وێنە | 28 | %9.5 | | |
| کۆی گشتی | 295 | 100 | | |

9. کاریگەری بەبازاڕکردن بۆ بەرهەمەکانی میدیا لە تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان: لە خشتەی ژمارە (9)دا دەردەکەوێت کە تا چەند بەبازاڕکردن و ڕێکلام بۆ بەرهەمەکانی میدیا لە تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان کاریگەری هەیە، لە پلەی یەکەم بژاردەی (مام ناوەند) دێت کە توێژەر پرسیاری ئاراستەی بەرتوێژراوان کردووە، تا چەند بەبازاڕکردن سەرنجی بەکارهێنەران لە تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان ڕادەکێشێت؟ بە تایبەت بەبازاڕکردن بۆ بەرهەمی میدیایی، ئەنجامی خشتەی خوارەوە دەرخەری ئەوەیە کە بەبازاڕکردن بۆ سەرجەم خزمەتگوزاریەکان گرنگە و بۆ بەرهەمی میدیاییش گرنگی خۆی هەیە چونکە میدیاش بۆتە پیشەسازی و وەك سەرجەم کاڵاکان پێویستی بەبازاڕکردن هەیە.

خشتەی (9) کاریگەری بەبازاڕکردن لەسەر بەکارهێنەران لە تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان ڕووندەکاتەوە

| پرسیار | بژاردەکان | دووبارە بوونەوە | % | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوانەیی |
|---|---|---|---|---|---|
| تا چەند بەبازاڕکردن سەرنجی بەکارهێنەران لە تۆڕە کۆمەڵایەتیەیکان ڕادەکێشێت؟ | مام ناوەند | 87 | %29.5 | 2.515254 | 1.354862 |
| | زۆر | 79 | %26.8 | | |
| | کەم | 55 | %18.6 | | |
| | زۆرکەم | 38 | %12.9 | | |
| | ئێجگار زۆر | 36 | %12.2 | | |
| کۆی گشتی | | 295 | 100 | | |

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(١)، زستان ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

10. ڕۆڵی بەبازاڕکردنی بەرهەمی میدیایی لە تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان: خشتەی ژمارە (10) ئەنجامی چەند پرسیارێك ڕوون دەکاتەوە کە توێژەر لە بەرتوێژراوانی کردووە، بەپێی ئەم خشتەیە، ناونیشانی سەرنج ڕاکێش لە تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان کاریگەری زۆری هەیە بۆ تەماشاکردنی بەرهەمەکانی میدیا، هەروەها تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان ڕێگەیەکی ئاسانترە بۆ بینینی بەرهەمەکانی میدیا، تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان ڕۆڵی گەورەیان هەیە لە ناساندنی بەرهەمەکان بە گشتی و بەرهەمی میدیایی بە تایبەت، هەروەها بەبازاڕکردنی بەرهەمی میدیایی لەتۆڕە کۆمەڵایەتیەکان وایکردووە ڕۆڵی میدیای کلاسیکی کەم نەبێتەوە بەهۆی ئەوەی بەرهەمی میدیایی لە تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان بڵاودەکرێتەوە و ڕێکلام و بەبازاڕکردنی بۆ دەکرێت ئەمەش هاوکارە بۆ مانەوەی میدیای کلاسیکی.

خشتەی (10) ڕۆڵی بەبازاڕکردن لەناساندنی بەرهەمەکان ڕوون دەکاتەوە

| بڕگەکان | بژاردەکان | دووبارە بوونەوە | % | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوانەیی |
|---|---|---|---|---|---|
| ناونیشانی سەرنج ڕاکێش لە تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان کاریگەریان هەیە بۆ تەماشاکردنی بەرهەمەکانی میدیا؟ | بابەتەکە ڕۆڵدەبینێت | 111 | %37.6 | 2.122034 | 1.084220 |
| | تەواو هاوڕام | 83 | %28.1 | | |
| | هاوڕانیم | 55 | %18.6 | | |
| | دڵنیام | 46 | %15.7 | | |
| تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان ڕێگەیەکی ئاسانترە بۆ بینینی بەرهەمەکانی میدیا؟ | تەواو هاوڕام | 117 | %39.7 | 1.898305 | 0.886308 |
| | دڵنیام | 106 | %35.9 | | |
| | بابەتەکە ڕۆڵدەبینێت | 57 | %19.3 | | |
| | هاوڕانیم | 15 | %5.1 | | |
| تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان ڕۆڵی گەورەیان هەیە لە ناساندنی بەرهەمەکان بە گشتی و بەرهەمی میدیایی بە تایبەت؟ | دڵنیام | 168 | %56.9 | 1.552542 | 0.744448 |
| | هاوڕام | 100 | %33.9 | | |
| | هاوڕانیم | 20 | %6.8 | | |
| | بابەتەکە ڕۆڵدەبینێت | 7 | %2.4 | | |
| بەبازاڕکردنی بەرهەمی میدیایی لەتۆڕە کۆمەڵایەتیەکان وایکردووە | تەواو هاوڕام | 108 | %36.6 | 2.115254 | 1.075518 |
| | هاوڕانیم | 92 | %31.1 | | |
| | دڵنیام | 48 | %16.4 | | |

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(١)، زستان ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| ڕۆڵی میدیای کلاسیکی کەم نەبێتەوە؟ | جۆری بابەتەکە ڕۆڵدەبینێت | 47 | %15.9 | | |
| کۆی گشتی | | 295 | 100 | | |

## دەرئەنجامەکان

دوای کۆکردنەوە و خستنەڕووی داتاو زانیارییەکان و شیکردنەوەی خشتەکان لە کۆتایی توێژینەوەکە توێژەر بەم دەرئەنجامانەی خوارەوە گەیشتووە:

1. تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان ڕۆلی گەورەیان هەیە لە بڵاوبوونەوەی بەرهەمەکانی میدیای کلاسیکی.
2. بەرهەمی (short video) لە تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان زۆرترین بەکارهێنەری هەیە.
3. بەرتوێژراوان بە پلەی یەکەم (فەیسبووك) بەکاردەهێنن، بە پلەی دووەم یوتیوب بە پلەی سێیەم ڤایبەر بە پلەی چوارەمیش ئیستاگرام.
4. هەرچی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنن لە هەرێمی کوردستان بە پلەی یەکەم گرنگی بە (فەیسبووك) دەدەن بۆ بڵاوکردنەوە و بەبازاڕکردنی بەرهەمەکانیان.
5. لە هەرێمی کوردستان بەپێی ئەم توێژینەوەیە بەرتوێژراوان ڕۆژانە زیاتر تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان بەکاردەهێنن بە بەراورد لەگەڵ میدیای کلاسیکی.
8. بەبازاڕکردن بۆ بەرهەمی میدیایی لە تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان کاریگەری لەسەر بەکارهێنەران هەیە.

ڕاسپاردەکان

لەژێر ڕۆشنایی ئەنجامەکانی ئەم توێژینەوەیە توێژەر چەند ڕاسپاردەیەك دەخاتەڕوو:

1. لەم توێژینەوەیدا ئەوە دەردەکەوێت بۆ ئەوەی دامەزراوەکانی راگەیاندن کاریگەریان لەسەر ڕای گشتی زیاتر بێت پێویستە گرنگی بە تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان بدەن و بەرهەمەکانیان لەو تۆڕانە بەبازاڕکردنیان بۆ بکەن.
2. خاوەن کۆمپانیا و دامەزراوەکانی ڕاگەیاندن زیاتر گرنگی بە دروستکردنی ڤیدیۆی کورت و وێنە گرافیك بدەن لە تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان چونکە ڤیدیۆی کورت بەکارهێنەری زیاترە.
3. پێویستە بەرهەمەکانی میدیا بەبازاڕکردنیان بۆ بکرێت وەك سەرجەم بەرهەمەکانی دیکە.

## لیستی سەرچاوەکان:

1- پەروا عومەر مەحمود، هەردەوان محمود کاکەشێخ. **(رۆڵی ئامرازەکانی میدیای نوێ لە بازارسازی بۆ کاڵا و خزمەتگوزاریەکان)**. گۆڤاری زانستی زانکۆی راپەڕین، 2021: 353-378.

2- عبدالله ممدوح مبارك الرعود. **(دور الشبكات التواصل الاجتماعي في التغيير السياسي في تونس و مصر ومن وجهه النظر الصحفيين الاردنيين)**. الاردن: رساله ماجستير غير منشوره، جامعة الشرق الاوسط، كلية الاعلام، 2012.

3- عەلی عبدالرحمن. **(هونەر و کارامەیی کارکردن لە ڕادیۆ و تەلەفزیۆن. هەولێر)**: وەرگێڕان، ماروان محمد، چاپخانەی موکریان، 2013.

4- مجدوب نوال. **(الحماية الجنائية والادارية للمستهلك فى عملية التسويق)** . الجزائر: جامعة ابوبكر بلقايد - تلمسان، 2016-2017.

5- مجذوب بخيت محمد توم. **(أقتصاديات الاعلام)**. ورقة بحثيه - مركز الخبراء، 26 8, 2013.

6- محمد عبدالعظيم أبوالنجا. **(التسويق الإلكتروني "آليات التواصل الجديدة مع العملاء")**. الاسكندريه: دار الجامعيه للنشر- الطبعة الثانية، 2012.

7- هەردەوان مەحمود کاکەشێخ، عبدالخالق ابراهیم. **(ئابوری دامەزراوەکانی راگەیاندن)**. هەولێر: بێریڤان، 2017.

8- مجموعة باحثين عرب. **(دراسات في الاعلام الاكتروني الاشكاليات المنهجية),** الممارسات ومرحلة ما بعد الاعلام الاكتروني . عمان: مركز الكتاب الاكاديمي، 2020.

9- نضال عبدالله بريخ. **(اعتماد النخبة السياسية الفلسطينية على الشبكات التواصل الاجتماعي كمصدر المعلومات اثناء العدوان الاسرائيلي على غزة)**. فلسطين غزة - جامعة الاسلامية - كلية الاداب: رسالة غير منشوره ، 2015.

10- تيدمان, جون. **(التلفزيون المدفوع يوفر خيارات للمشاهد لا يمكن للقنوات الحكوميه توفيرها)**. (تاريخ الوصول 2,3,2021)

https://archive.aawsat.com/details.asp?issueno=8070&article=44571#.YBpsJOgzY2w

11- محمد علوانى. (مزايا التسويق عبر مواقع التواصل الاجتماعي).( تاريخ الوصول 30 1, 2021)
https://www.rowadalaamal.com/?p=26944

12- مركز القرار. (سناب شات بين الاستخدام والاستغلال). https://alqarar.sa/3063 تاريخ الوصول 19 6, 2021.

13- ئاوارە بەختیار رسول. **(تێڕوانینێکی تیۆریانە بۆ بەبازاڕکردنی ڕامیاری)** . 28 ,8 ,2018. https://cutt.us/q7Byq (تاريخ الوصول 16 12, 2020).

14- ALEXANDRA TWIN, AMY DRURY. Marketing. 8 17, 2020. https://www.investopedia.com/terms/m/marketing.asp (accessed 1 25, 2021).
15- Dollarhide, Maya E. Social Media Definition. 9 6, 2020. https://www.investopedia.com/terms/s/social-media.asp (accessed 1 25, 2021).
16- F Maclean. "understanding Twitter." British journal of occupational Therapy2013 ،: 289 - 312 .
17- Ireland, by Kay. chron - How to Get Profits from YouTube. 6 23, 2018. https://smallbusiness.chron.com/profits-youtube-30368.html (accessed 12 6, 2019).
18- press.Y. youtube. 1 1, 2021. https://www.youtube.com/intl/en-GB/about/press/ (accessed 1 20, 2021).
19- Huang. "Motives for Instagram Use and Topics of Interest Among Young Adults." Future Internet, 2018: 10-77.
20- Lavoie, K. A. "Instagram and branding: A Case Study of Dunkin, Donuts." Elon Journal of Undergraduate Research in communications, 2015: 77-121.

## التسويق للإنتاجات الاعلامية في المواقع التواصل الاجتماعي

**ملخص:**

هذه الورقة البحثية بحد ذاتها؛ مسعى لتحديد تأثير تسويق الإنتاجات الإعلامية في مواقع التواصل الاجتماعي على المستخدمين. إنه بحث (وصفي – مسحي) يسعى الباحث عن طريق أخذ آراء عينات من فئات المستخدمين لمواقع التواصل الاجتماعي؛ لمعرفة تأثير تسويق الإنتاجات الإعلامية، وكذلك تحديد دور شبكات التواصل في إيصال رسالة الانتاج الإعلامي. هذا البحث له أهمية خاصة للمؤسسات الإعلامية، من الممكن الاعتماد على ما توصل إليه من نتائج هذا البحث. إن الهدف الأساسي لهذه الورقة البحثية؛ هو معرفة مدى تأثير التسويق الألكتروني للإنتاجات الإعلامية في شبكات التواصل الاجتماعي، وكيفية زيادة نسبة المشاهدين والقراء والمستمعين للمعروض من الإنتاجات الإعلامية، بالإضافة لإيصال أكبر قدر من الإنتاجات الى شريحة واسعة من المستخدمين. وفقا للنتائج، أن أعداد مستخدمي منصات التواصل في ازياد مستمر، نتيجة التطور الحاصل في البيئة التحتية للأنترنت

بإقليم كوردستان، حسب آراء العينات في البحث تتصدر منصة (فيسبوك - Facebook) القائمة، فهي تحتل المرتبة الأولى، ويليها (يوتيوب - YouTube ) بالمرتبة الثانية، ومنصة (تويتر- Twitter) تأتي بالمرتبة الأخيرة. إن منصة (فيسبوك - Facebook) أفضل منصة للمؤسسات الإعلامية لتسويق إنتاجاتها، ويرجع السبب في ذلك الى سهولة استخدامها، لذلك تلجأ معظم وسائل الإعلام الى استخدام (فيسبوك). لقد توصلنا في هذا البحث الى أن الهدف من استخدام شبكات التواصل الاجتماعي من قبل المستخدمين يرجع في المرتبة الأولى، للإطلاع على الأخبار والمعلومات، والمرتبة الثانية هو استخدامها كوسيلة للتواصل والاتصال، وفي المقابل هناك أعداد قليلة من المستخدمين بإقليم كوردستان تلجأ الى شبكات التواصل بغرض التسوق أو البيع.
الكلمات المفتاحية: التسويق، مواقع التواصل الاجتماعي، الاعلام التقليدي، الانتاج الإعلامي، المؤسسات الاعلامية.

## Marketing Media Production on Social Media

**Khalid Talaat Muhammed**
Salahuddin University-Erbil college of Arts in media/Journalism
khalid.mohammed@su.edu.krd

***Keywords**: Marketing, social networks, traditional media, media production, media stations.*

### Abstract

This research is an attempt to find out the impact of marketing and media production on users of social networking sites. This research is considered as descriptive research. The researcher showed the effect of marketing media production through sampling from users of social networking sites.

In the field of media, this research is characterized by an important specificity, as well as media institutions, they can rely on the results of this research to make an impact on public opinion .The main objective in this research is to know the effect of marketing on media production in social networking sites and how to increase the follower, viewer, listener and reader, as well as to know the impact of social networking sites on marketing .Through the most important conclusions reached by this research, it was found that the users of social networking sites are increasing day by day due to the improvement of Internet networks in the Kurdistan Region .Through the opinions of the samples taken in this research, it was found that first (Facebook) is more used

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

among people, then (YouTube), while Twitter got the third place, meaning that Twitter has the least number of users in the Kurdistan Region.

According to the opinions of the respondents in this research, the social network (Facebook) is considered one of the most privileged sites for marketing media production by media institutions, and the reason for this is due to its easiness of using, as for media channels (Facebook and Twitter) are more used, and Facebook is more used for news channels. Compared to the classic media, the majority of respondents use social media more for the purpose of knowing news and information in the first place, while in the second degree they use social media as a means of communication, and social media sites in the Kurdistan Region are less used as a means of purchasing, selling and marketing.